**هەواڵی ڕۆژنامەوانی**

کانونی یەکەم ٢٠١٤

# بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان بە ٢٣.٥ ملیارد دولاری ئەمریکی خەملێنراوە

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ( KRSO ) مەزندە بەراییەکانی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی ( GRP ) لە هەرێمی کوردستانی عێراق ( KRI ) بۆ ساڵی ٢٠١٢ ڕاگەیاند. بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی، بەهای زیادە لە بەرهەمەکانی کەل وپەل و خزمەتگوزاری لە هەرێم هەژماردەکات.

بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی ( GRP ) بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بە ٢٣.٥ ملیارد دولاری ئەمریکی ( ٢٧,٣٦٢ ملیارد دیناری عێراقی ) خەملێنراوە.


ئەم مەزندەیە پێشان دەدات کە بۆ یەکەم جار هەژمارکردنێکی بەر فراوان بۆ بەهای زیادە لە بەشەکانی جۆراجۆر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە.

بۆ هەژمارکردنی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی، *شێوازێکی بەرهەمهێنان بەکار هاتووە*، کە لەم شێوازە دا *بەهای زیادە* دەخەملێنرێت لە ڕێگای *بەهای بەرهەم، کەم بەهای تێ هاوێشتەی ناوەڕاست* ( intermediate inputs ) کە ئەم شێوازە بۆ زۆربەی بەشەکانی ئابووری بەکار دێت. ئەگەر یش ئەم شێوازە نەکرا، شێوازی داهات بەکار هاتووە، کە لەم شێوازەدا پارەی دراو ( payment ) کۆی ئەو تێ هاویشتانە ( inputs ) دەکرێت کە بۆ بەرهەم هێنان بەکار هاتووە و زۆربەیان داهاتی کارن. ئەم ئەنجامانەی کە ئێستا لەبەردەستە سەرەتایین و وەکو ستانداردی نێو نەتەوەیی لە خەملاندنی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی، لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت لە کاتی پێداچوونەوەی هەژمارەکان.

گەورەترین کەرتە ناحکومییەکان لە ڕوویی بەهای زیادکراو بۆ هەرێمی کورستانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٢ بەم شێوازە بووە، ئاوەدانکردن ( ١٨.٦٪ )، کۆ فروشی و تاکە فرۆشی ( ٩.١٪ )، خاوەنداری و کرێی خانوو ( ٨.٦٪ )، و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر ( ٧.٣٪ ). بەرهەم هێنان ( manufacturing ) ٩.١٪ لە بەهای زیادە لە خۆ دەگرێتەوە و بەشی کشتوکاڵ ٣.١٪.

کەرتی حکومی ٢٧.٦٪ بەشداربووە لە بەهای زیادە. جێگای ئاماژە پێکردنە کە شێوازی داهات کە بەکار هاتووە بۆ هەژمار کردنی بەهای زیادە بۆ ئەم کەرتە ناتوانێت جیاوازی لە نێوان بودجەی بەکاربەر و وەبەرهێنان دابنێت. نزیکەی لە ٣٠٪ ی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە.

ئەم مەزندەیە بەشی سامانە سروشتیەکان لەخۆ ناگرێتەوە. هەروەها، بەهۆی بوونی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی داتا، زانیاری لە سەر هەندێك لە بەشەکان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠١١ یان ٢٠١٣.




بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
تەلەفون: ٠٠٩٦٤(٠)٦٦٢٥٥٩١٧٠
ئیمەیل: contact@krso.net
ماڵپەڕ: www.krso.net

زنجیرە ١٨